

# لاهوت و ڕۆمانسیەتی سیاسی بەپێی هزری سیاسی

# کارل شمیت

د.ئازاد حەمە

**دەروازە :**

کارل شمیت 1888) 1985–Carl Schmitt) تیۆریزەکەر و فەیلەسوفی سیاسی ئەڵمانی دیاری سەدەی بیستە. ناوبراو بەوە ناسراوە، کە بیرمەندی سیاسی کۆماری وایمار Weimar بووە و بە ناسیۆنال سۆسیالیزمی ڕژێمی نازیشەوە لە پێوەندیدا بووە، هەروەک ئەوەی ئەم ئاوانە لەو دەمەدا دراوەتە پاڵ هایدیگەریشەوە. . بەپێی نوسینە سیاسییە تیۆرییەکانی وەک هۆبز Hobbes ی سەردەمی نوێ ئەماشادەکرێ.

بیری سیاسی کارل شمیت ، بۆنموونە هێرشی شمیت بۆسەر دیموکراسی پەرلەمانی،

یان لیبرال پەرلەمەنتاریزم، یاخود لیبرال دیموکراسی و بۆچوونەکانیشی تایبەت بە دیکتاتۆریزم، دۆزی ریزپەڕو سەروەری لە هەنووکەدا، لەنێو بیرمەندانی سیاسی هاوچەرخ تابڵێی گفتوگۆئامێزە و ،وتوێژی بەردەوامی فەیلەسوفانی سیاسی رۆژئاواشە و ، گەلێ لە بیرمەندانی هاوچەرخیش- وەک بادیو، دێریدا، ئاگامبێن، ژیژک، نیگری، ئەرندێت، پاولۆ ڤیرنو و...هند لەژێر کاریگەری شمیت دان. لێرەدا دەکرێ ئەوەش بڵێین، کتێبەکانی شمیت بۆ ئەو تیۆریە سیاسیەش مانادارە فەلسەفەی نوێ خۆی لەسەر بوونیاددەنێت ئەمە لەلایەک و، لەلایەکی تر ئیدیا سیاسییەکانی شمیت سەرچاوەن بۆ ئەو هێزە سیاسییە چەپانەی رەخنەی لیبرالیزمی رۆژئاوا دەگرن و ئەڵبەتە ئەو گرووپە سیاسییە راستڕەوانەش کە هەڵگری بیری سیاسی ناسیۆنالیستی و فاشین.

هاوکات کارل شمیت وەک بیرمەندی سیاسی و مافناسێی ئەڵمانی رەخنەگریشبووە لە لیبرال دیموکراسی و شەرعیەتی رژێمی دیموکراسی پەرلەمێنتاری رۆژئاوای و ، هزرەڤانییە سیاسییەکانیشی ئەم تیۆریزەکەرە سیاسییەی لە جۆرە بینینی سیاسییانەی نۆتالیتاری نزدیککردۆتەوە. کارل شمیت کاریگەری بەسەر هزری سیاسی بیرمەندێ وەک هایدیگەرەوە هەبووە و ئارادەیەکیش بە هەمان کێشەی سیاسی هایدیگەرەوە گلاوە ، مەبەست گلانی بە رژێمی ناسیۆنال سۆسیالیستی ئەڵمانییەوە و ئاوانباربوونیشی بە دژەجوو Antisemitism. جگەلەوەی کاریگەری هزری سیاسی و فەلسەفی میکاڤیلی و هۆبز و هیگڵی بەسەرەوە بووە خۆشی کاریگەری بەسەر بیری سیاسی هاوچەرخی گەلێ لە بیرمەندە سیاسییەکانی رۆژئاواوە هەبووە لەوانە: والتەر بنیامین، شانتال موف ، ژیژەک، ئەگامبێن، بادیو، دێریدا، ئەرندێت،پائولو ڤیرنو، نێگری و..هتد.

### واتای سیاسی

بۆئەوەی تێگەیشتنێکمان لەسەر واتای سیاسی لای شمیت هەبێ، بەپێویستی دەزانین هێما بۆ کتێبی «واتای سیاسی» The concept of the political»(1)، شانبەشانی کتێبی «لاهوتی سیاسی» و «ۆمانسیزمی سیاسی» لە کتێبە سیاسییە ناسراوەکانی ئەم بیرمەندە ئەڵمانیە بکەین، کە بەهۆیانەوە دەشێ دەستنیشانی هزری فەلسەفەی سیاسی ئەم بیرمەندەی پێکرێت، هەروەها شمیت لەم

**واتای سیاسی پێویستە لەرێگای جیاکردنەوەی نێوان دوژمن و هاوڕێوە لێبگەین، بۆیە شمیت ئەولەویەت بە دوو جەمسەری دوژمن/ هاوڕێ دەدات**

کتێبەیدا، کە تیۆری سیاسی بەرچاوەخات، بە وردی ئەو شتە راڤەدەکات، کە پێیدەڵێین سیاسی The Political، واتە ئەو شتەی سیاسییە (فەرمانی سیاسیی لێرە مەبەستە). جا لەم حاڵەتەدا شمیت «سیاسی (فەرمانی سیاسی) وەک ماهیەتی سیاسەت دەبینێ» چونکە «سیاسی تەنێ لەمیانەی کۆنفلیکت، دوژمن و دوژمنایەتی و جەنگەوە» بۆ ئەم بیریارە سیاسسیە بوونی هەیە».

شمیت لەم توێژینەوەیەیدا جیاوازی لەنێوان هاوڕێ و دوژمن لە بواری سیاسیدا دەکات و ئەم لایەنە لە تێزە سەرەکییەکانی ئەم توێژینەوەیەشیەتی، لەهەمانکاتدا باس لە «جەنگیش دەکات وەک گوزارەیێک بۆ دوژمنایەتی، هاوکات قسە لە پلورالیزم وەک یەکی سیاسی، مافی بڕیار لەمەڕ جەنگ و ئاشتی، لەسیاسەتخستن لەمیانەی جەمسەرگەری نێوان ئێنیک و ئابوری، بێلایەنیکردن و لەسیاسەتخستنی سەردەمیش دەکات». ئارادەێک لەم شیکردنەوە سیاسییەیدا دوورتردەڕوا و ئادەگاتە ئەو شوێنەی تیایدا رەخنەی سیاسیانەی لێڤیاتان Leviathanی تۆماس هۆبز Thomas Hobbes یش دەکات.

بەپێی تێزی سەرەکی ئەم کتێبە «سیاسی The politicalئەتێ دەکرێ لەمیانەی چەمکی یان دوو دژە چەمکی وەک هاوڕێ و دوژمنەوە تێبگەین». بەبۆچوونی شمیت «گەر ئێنیک لەمیانەی واتای باشە و خراپەوە، یان جوانکاری لەمیانەی واتای جوان و ناشرینەوە لێدەگەین و ئابووریش لەمیانەی واتای قازانج و زیانەوە، ئەوا واتای سیاسی پێویستە لەرێگای جیاکردنەوەی نێوان دوژمن و هاوڕێوە لێبگەین»، بۆیە شمیت ئەولەویەت بە دوو جەمسەری دوژمن/ هاوڕێ دەدات، نا باشە/ خراپە یان جوانی/ ناشرینی، یاخود سوود/ زیان. ئەمەش وادەکات شمیت «نەیەوێت دوو دژە واتای هاوڕێ / دوژمن بەو واتایانە بەراوردکات بۆ ئابوری یان بۆ جوانکاری یانیش بۆ ئێنیک گرنگن»، چونکە بەبۆچوونی شمیت «دوژمنی سیاسی پێویستی بەوە نییە لە رووی رەووشتییەوە بیێت بە بەد یان لە رووی جوانکارییەوە بیێت بە ناشرین، یان لەرووی ئابورییەوە زەرەرمەند بێت»، هەروەها بەپێچەوانەشەوە راستە، واتە دۆستی سیاسی پێویست ناکات لەرووی رەووشتییەوە باش بێت، لەرووی جوانکارییەوە جوانبێت و لەرووی ئابورییەوە قازانجکات.

لەم کتێبەدا «سروشتی سیاسی مرۆڤ و دەوڵەت » یش رووبەرووی راڤەکردنبۆتەوە، بۆیە بەبۆچوونی شمیت «ئەوی دەکارێ واتای سیاسی تەواوکات دەوڵەتە».«دەوڵەت بناغەدانەری سیاسیە، ئەمەو شمیت سیاسی لە ئابووری جیادەکاتەوە و لیبرال دیموکراتی رۆژئاوا وەک سێستەمێ سیاسی رەندەکاتەوە و هێرشیش دەکاتەسەر ئابووری لیبرالی، بەڵام کۆمەڵگەی دیموکراسی وەک رووی دەرەکی دەسەڵاتی سەروەر تەماشادەکات».

بۆ شمیت ، کە ئەم خاڵە بۆ ئێمە زێدە سەرنجئامێزە خوێنەری ئەم کتێبە ئاوایلێیدانەوە ئەوەیە، «سەروەر، کە کەسی حاکم مەبەستە لێی، بڕیار لەسەر دۆزی یزپەڕ دەدات». تایبەت بەم لایەنە شمیت ئەوەشمان پێدەڵێت «ئەوە سەروەرییە دۆزی ریزپەڕ بەکاردەبات، هەر سەروەرییشە دەستنیشانی ئەوەش دەکات چ دەسەڵاتی دەشێ رەواکرێت».

لە توێژینەوەکەدا ئەوەش بەدیدەکرێت، دابەشکردنی دوژمن بەسەر دوژمنی سیاسی و دوژمنی تایبەتدا، گرنگی خۆی بۆ شمیت هەیە و ،تەنانەت شمیت

«واتـای دوژمـن لەو تێگەیشتنە جیادەکاتەوە دوژمـن برێتیە لە بەرامبەری تایبەت یان ئەو لایەنەی بەشێکە لە ناکۆکی». ئەگەرچی شمیت «نایەوێ دوژمنی سیاسی لەرووی موراڵیەوە پووچکرێتەوە، بـەڵام دوژمنایەتی سیاسی لە دیدی شمیت ئەو دەمە هەیە کە دوژمن/ هاورێ بوونی هەبێت». وەکیتریش»دوژمنی تایبەت لە روانگەی شمیت دوژمنێ سیاسی نییە». «دوژمـنـی سیاسی ئەو دوژمنەیە کە ئەوینرە، ئەو کەسەی نامۆ و نا-تایبەتە». جێیسەرنجیشە شمیت رەخنەی زمانی ئەڵمانی و زمانـەکـانی تـریش دەکـات، کە جیاوازییان لەنێوان دوژمنی تایبەت و سیاسی دا نەکردووە. ئەڵبەتە لە دیدی سیاسی شمیت دا «پێوەندیێ مواڵی لەنێوان دوژمنایەتی و خـودی موراڵدا نادۆزینەوە» و دوژمنایەتی واتای سیاسییە لە دەرەوەی مـوراڵ. ئەم لایەنە تەنانەت هاورێیەتیش دەگرێتەوە. ئەم بیرمەندە سیاسییە ئاماژە بۆئەوەشدەکات «دوژمن ئەوکاتە دەناسرێتەوە کە جیاوازی سیاسییانە دەشێ بکرێت».

گرنگە هێما بۆ ئەوەش بکەین شمیت «دوژمنی دەرەکی دەوڵەت شیاودەکات وەک یەکی سیاسی»، هەروەها بەپێی ئیدیای سیاسی شمیت بێت «دوژمن ئەو کەسەیە دروسنکەری سیاسییە. ئەڵبەتە کە دوژمنیش دروسنکەری سیاسیی بێت دروسنکەری دەوڵەتیشە». ئەمەو بۆ شمیت «جەنگ ماهیەتی




سیاسییە» و «لەرێگای جەنگەوە شمیت گفتووگۆی دوژمنیش دەکات»، چونکە بە قەولی شمیت «دوژمـنـایـەتـی فـۆامـی سیاسی دەوڵەت دادەرێژێ».

بـۆیـە شمیت داوادەکـات «تێگەیشتنێ کۆنکرێتمان بۆ هەردوو واتای دۆست و دوژمن هەبێت، ئەڵبەتە نە وەک دوو میـتـافـۆر یـان دوو سیمبۆل، هەروەها نەش وەک دوو واتای تێهەڵکێشکراویش، تەنانەت نەک وەک دوو واتا کە لەلایەن ئابووری و رەووشت و تەنانەت واتاکانی تریشەوە لاوازدەکـرێـن «.زێـدە رەخنەی لیبرالیزمیش دەکات، کە چۆن رەفتاری لەنەک ئەو دوو واتایەدا کردووە.

شمیت لـەم نووسینە زێدە سیاسییەیدا پـێـیـوایـە» گشت ناکۆکیێ ئاینی، موراڵی، ئابووری و ئێتنی دەگۆردرێن بۆ ناکۆکی



ماکیاڤیلی

ساسیی گەر ئەو ناکۆکیە مرۆڤەکان دابەشکەنە سەر هاوڕێیان و دوژمنان». تەنانەت شمیت بەرەو ئەو تێگەیشتنەشمان دەبات کە «خراپترین جەنگ بەناوی ئاشتییەوە پیادەدەکرێت، خراپترین چەوسانەوە بەناو ئازادییەوە پراکتیزەدەکرێت، هەروەها خراپترین دڕەندیەتی بەناوی مرۆڤایەتیەوە بەڕێوەدەچێت».

**لاهوتی سیاسی**

بۆئەوەی تێگەیشتنی سیاسییانەی قووڵتر لەسەر هزری سیاسی شمیت بخەینەڕوو، گرنگە وتنی تایبەت بە کتێبی «لاهوتی سیاسی» (2) کە بە یەکێ لە کتێبە گفتوگۆئامێزە سیاسییەکانی شمیت دێنەناساندن. رەنگیشە بۆ خوێنەری کتێبی «لاهوتی سیاسی» شمیت هەر لەسەرەتاوە ئەو پرسیارە کێشی خۆی هەبێت کە بەمشێوەیەیە: ئایا ئەم کتێبە دەروازە نییە لەسەر ئاوێزانبوونی کردەی سیاسی و دیدی ئاینی (میتافیزیکی) شمیت؟ بەخۆی شمیت ئەم کتێبەی لە 1922 دا نووسیوە، واتە 3 ساڵێک پاش دروستبوونی رایشی ئەڵمانی یان کۆماری ڤایمار Weimar ، ئەو کۆمارەی جێی حکومەتی ئیمپراتۆری گرتەوە، کە دواتر کۆماری ڤایمار یان رایشی ئەڵمانی لە 1933 ، پاش بەدەست گەیشتنی نازیەکان، هەڵوەشایەوە و رایشی سێهەم دروست بوو کە بناغەی بۆ ئەڵمانیای هیتلەر دانا.

ئەزموونی هزری سیاسی رۆژئاوا لەپاش ئەفلاتون و ئەرستۆ بەولاوە بەتایبەت لەسەر دەستی بیرمەندگەلێ وەک هیوم، لۆک، هۆبز، کانت، مارکس و ئەوانیتر گەشەی زۆری بەخۆیەوەدیوە و بیرمەندە سیاسییەکان بە تیۆریزەی سەیرسەیر گەیشتوون و بیری سیاسی شمیتیش لەو پرۆسەیە دابڕاو نییە. شمیت لەم کتێبە و لەکارە تیۆرییەکانی تریدا تیۆریزە بەسەر دۆزی سیاسی ئەو دەمەی ئەڵمانیا و رۆژئاواوە دەکات و «رخنەی سێسنەماتیک و رادیکال لە دامەزراوە سیاسیەکانی کۆمەڵگەی لیبیاڵ دیموکراسی رۆژئاوا دەگرێ». ئەم کتێبە دەروازەیەکە سیاسییانەی شمیتە لەمەڕ سەروەری و بیرکردنەوەی دامەزراوەی و کردوشیەتی بە فیگوری دیار لە هزری سیاسی هاوچەرخدا. بیرکردنەوەی دامەزراوەی شمیت لەم کتێبە رەنگدانەوەی خۆی هەیە. وەکیتریش هزری دامەزراوەی شمیت لەم کتێبە، و لەکارە تیۆرییە سیاسییەکانی تریدا تا کاتی نازیەکانیش، گرنگی خۆی هەبووە بەس لەگەڵ هەڵوەشانەوەی کۆماری ڤایمار بەدەست نازیەکان خۆی لە کزیدا. دەشکرێ هێما بۆ ئەوش کرێت، کە «تێگەیشتنی سیاسییانەی شمیت لەم کتێبە بۆ دەوڵەت و دامەزراو و یاسا تێگەیشتنی لاهوتیانەیە

و سەرچاوەش لە کلیسەی کاثۆلیکیەوە هەڵدەگرێت»، هەروەها لە کتێبی «لاهوتی سیاسی» دا شمیت تایبەت بە تیۆری سیاسی سەروەری و باری نالەبار (دۆخی نائاسای، دۆزی ریزپەڕ ،حاڵەتی نەواری) دەگەڕێتەوە لای هۆبز و لە بۆچوونەکانی لەبارەی سەروەرییەوە سوودمەنددەبێت و «رەخنەی توند ئاراستەی فێبەر و هانس کێلسنHans Kelsen یش دەکات» کە یەکێکە لە رەخنەگرانی تیۆری سەروەری.

بەپێی ئەوەی شمیت یاساناس و پسپۆڕیشبووە لە یاسای دەستووری و راوێژکاری دەوڵەتیش بووە بۆ کاروباری یاسای زانیویەتی لەرێگای تیۆرییە سیاسییەکانیەوە لە چ دەرگایەک دەدات و چۆنیش هزری سیاسی خۆی بۆ رەخنەکردنی تیۆری دەوڵەتی یاسا وەگەڕدەخات. ئەو دەمەش تیۆریزەکەرانی سیاسی هاوچەرخ رەخنەی تووندی دیدی سیاسییانەی شمیت تایبەت بە تیۆری سەروەری دەکەن دەگەڕێنەوە سەر ئەم کتێبەی.

لەم کتێبەدا شمیت ئەوەمان بۆ راڤەدەکات، کە کێ مافی سەپاندنی یان راگەیاندنی «باری ریزپەڕ»ی لە وڵاتدا هەیە؟ بەپێی تێگەیشتنی سیاسییانەی شمیت «تەنیا دادوەری وڵات، سیاسی، ئەو مافەی هەیە»، کەواتە کێ پارێزەری سەروەری سیاسی وڵاتە بۆ شمیت پرسیارێ زێدە مانادارە. ئەم سەروەرە سیاسیە راگەیاندنی «باری نائاسای» لە وڵات لە مشنیدایە و دەشتوانێ دەسنکاری یاسا بکات، هەربۆیشە بەپێی بینینی فەلسەفی ئێمە گرنگترین تێزێک لەم کتێبەی شمیت دا بەرچاودەکەوێت ئەوەیە لەلایەک «وانا سیاسییەکانی سەردەمی ئێستامان واتاگەلێ لاهوتیین (تیۆلۆژین، یەزدانین)» و لەلایێکی تر ئەوەی کە «سەروەر Sovereign ،حاکمی سیاسی، مافی بڕیاردانی «باری ریزپەڕ» یان «دۆزی نائاسایی»(ئەحکامی عورفی) هەیە». بەواتایەکینر، سەروەر ئەو کەسەیە ئەحکامی عورفی دەوڵەتی بەدەستەوەیە. ئەو دەمەی باری ریزپەڕ (دۆزی نائاسای) لە وڵاتدا بەڕێوەدەچێت، سامانی یاسای هەڵدەوەشێنەوە و پاش ئاسایبوونەوەی بارەکە یاسا بەرقەرار دەبێت و گشت شتێک دەچێتەوە دۆخی جارانی خۆی. با یاری هەڵوەشانەوە و پراکتیزەکردنی باری نائاسای لە وڵاتدا، تەنیا بەدەست سیاسییەوە دەبێت. حاکمی سیاسی لە وڵاتدا بۆ بەرزراگرتنی سەروەری وڵات ئەم بڕیارە دەردەکات. بەمجۆرە ریزپەڕی بۆ شمیت چرکەی راستەقینەیە لە بڕیاردان کە لەلایەن سەروەر (حاکمی سیاسی) ەوە پراکتیزەدەکرێت. هاوکات باری ریزپەڕ لە هزری سیاسی شمیت دا، بەو مانایەش دێ کە ئێمە دەکەوینە دەرەوەی یاساوە، کەوابێت ئێمە بەپێی باری دیاریکراوەوە دەکەوینەوە ئەودیو یاساوە بەس دەکرێ پاش ئاوابوونی ئەو بارە بگەڕێینەوە ناو یاسا،

## شمیت لەرێگای تیۆرییە سیاسییەکانییەوە کاری بۆئەوەش دەکرد، پێوەندێك لەنێوان ئەوەی پێیدەوترێت رابەر و خەڵك دا چێکات

کەواتە شمیت کە داکۆکی لە حاڵەتی نەواری دەکات، ئەوەی خۆی ناویلێناوە بە» دۆز»، ئەمە بەو مانایەشدێت سێسنەمی سیاسی ناشێ لەرێگای یاسای دەستووریەوە بپارێزرێ، بەڵکو لەرێگای شتێ زیاد شەرعی ترەوە. ئەو شتە زیاد شەرعییە حاڵەتە نەواریەکەیە کە شمیت باوەڕی بە راگەیاندنی هەیە. لەهەمانکاتدا سەروەر بەپێی دیدی سیاسی کتێبی «لاهوتی سیاسی» بایاردەرە. بار بۆ شمیت «پێناسەی یاسایی موناسبی سەروەرییە، کە بناغەێ سێسنەمانێک و شەرعی و لۆژیکی هەیە». بۆ شمیت «بڕیاری بار (بیياردان لەسەر دۆز) بایارێ راستەقینەیە بەمانای وشەکە». شوێنی وتنە کە ئەو بارەی شمیت باسیلێوەدەکات، حاڵەتی نائاسای یان شپرزە دەگرێتەوە کە لەپێناو

## ئیدیا سیاسییەکانی شمیت بەجۆری خۆیان نمایشدەکەن، کە سیاسەت لە کۆمەڵگەی مۆدێرن، سەرچاوە لە رۆمانسیەتی سیاسییەوە وەردەگرێ

ئەوەدا و بۆ پاراستنی سەروەری وڵات دەشێ باری نائاسای راگەیەندرێت.

ئەم تیۆریە و گەلێ بۆچوونی تری شمیت دۆخێکیان دروستکرد، شمیت وەک بیرمەندێ سیاسی فاشی تەماشاکرێت، کەوابێت لە تیۆری سیاسی ئەم کتێبەدا، بابەتی پاراستنی سامانی یاسای گرنگی خۆی هەیە و ئەڵبەتە شمیت ئەم لایەنە لەرێگای گفتووگۆی واتای سەروەریی، یاخود حاکمیەتی سیاسیەوە دەکات. بەم شێوەیەبێت پرسیارەکە لێرەدا بەمجۆرە دەبێت: سەروەری لە دەرەوەی شەرعیەت یان نۆرمی یاساییەوە نییە؟

وێرای ئەوە، شمیت «رەخنە لە نۆرمەتیڤیزمی لیبرالی رۆژئاوای و ئەو دەوڵەتە دەستووریەش نوێنەرایەتی ئەم لیبرالیەتە دەکات دەگرێ». بەس «پێشنیاری فۆرمی تر لە سێستەمی سیاسی دەکات لە فۆرمی یەکەی سیاسی. لەناو ئەم یەکە سیاسییەدا بزووتنەوەکان، دەوڵەت و خەڵک بەشەداردەبن. لەهەمانکاتدا شمیت قسە لەوەدەکات کە سێستەمی سیاسی ئیدیال برینییە لە دەوڵەتی تاک پارتی». ئەمەی شمیت دەیکات «داکۆکیکردنە لە سێستەمی سیاسی یان دەوڵەتێ سیاسی ئۆتۆریتێ». جێی هێماکردنە کە شمیت لەرێگای تیۆرییە سیاسییەکانییەوە کاری بۆئەوەش دەکرد پێوەندێک لەنێوان ئەوەی پێیدەوترێت رابەر و خەڵک دا چێکات. لەهەمانکاتدا گرینگترین خاڵێک شمیت دەیەوێت لەرێگای ئەم نووسینەوەپێمانیبڵێت ئەوەیە کە «گشت مانای واتاکانی تیۆری مۆدێرن لەمەر دەوڵەت، یان سەروەری سێکولاریزەی واتا لاهوتییەکان دەکەن». بەتێگەیشتنێ تر، «تیۆری سیاسی دەوڵەت بەجۆرێک بەکاردەبات هەروەک ئەوەی کە تیۆلۆژی (لاهوتناسی) یەزدان بەکاردەبات». ئەڵبەتە بەهۆی ئەم کتێبەوە شمیت ریشەی سێستەمی سیاسیش دەخاتە ژێرتێاامانەوە. پێشوایە «کاتێ تیۆری و واتاکانی یاسای گشتی لەژێرسایەی روداوە سیاسییەکان دووچاری گۆراندەبێت بۆماوەێک دیدی پراکتیکی رۆژانە کاریگەر دەبێت، تا یاسای گشتی چارەسەردەکرێت».

### رۆمانسیەتی سیاسی

ئیدیا سیاسییەکانی کارل شمیت لە کتێبی «» رۆمانسیەتی سیاسی»» (3) لە روانگەێ مێژووییەوە ئاراستەی چەمکی سیاسەت دەکرێ و رەخنەی سیاسیش لە تێگەیشتنی سیاسی رۆژئاوای دەگرێ. ئەمەو ئەم بیرمەندە سیاسییە ئەڵمانییە بەروونی رەخنە لە رۆمانسیەتی سیاسی رۆژئاوا دەگرێ و بەوەش تاوانباریدەکات کە سیاسەتی ناچالاک و سسنبووە. تەنانەت داکۆکی لەو کردە سیاسیەش دەکات، لەسەر بناغەی باشە و خراپە، دادپەروەری و نادادپەروەری پێکدێ، هەرلەبەرئەوە شمیت بەشێوەی کراوە هێرشدەکاتەسەر بزووتنەوەی رۆمانسیەتی رۆژئاوایی.بەبۆچوونی شمیت ئەم بزووتنەوەیە نوێنەرایەتی عەلمانیەت، خودگەرایی، بەتایبەتکردن (پرڤاتیزەشن) دەکات و خواش بەلەجیاتیدەکرێ بە سێستەمی کۆمەڵایەتی بۆرجوازی ئاکگەرای رزگاریخوازانە. هێرشی شمیت بۆسەر رۆمانسیەتی سیاسی هێرشیشە بۆسەر بۆرجوازی نوێی ئەورووپای کە بە لایەنی مێژوویی ئەم بزووتنەوەیە بارگاوییە. بەشێکی تر لە دیننە سیاسییەکانی ئەم بەرهەمەی شمیت، خۆی لەسەر ئەوەش رادێنێ، کە رۆمانسیەتی سیاسی بەجۆرێ لە جۆرەکان بە رۆمانسیەتەوە گرێدراوە.

لەم کتێبەدا هەمدیس تەقەلایێک لەلایەن شمیتەوە بەرێوەیە بۆ رەخنەکردنی لیبرال دیموکراسی و دامەزراوەکانی کۆمەڵگەی

مـۆدێـرن. بـەس ئـەم ڕەخنەیە بـە ئونێلی هێرشکردنەسەر ئەزموونی ڕۆمانیسمت ئێدەپەڕێ، بۆیە ئیدیا سیاسییەکانی شمیت بەجۆرێ خۆیان نمایشدەکەن، کـە سـیاسـەت لـە کۆمەڵگەی مۆدێرن سەرچاوە لە ڕۆمانسیەتی سیاسییەوە وەردەگـرێ. بەپێی تێگەیشتنی سـیاسـی شمیت ئیلتزامی میتافیزیکی شتێکە دەربازبوونیلێی ئەستەمە. بەس شمیت ئاماژەبۆئەوەش دەکات کە ئەم ئیلتیزامە میتافیزیکیە بەشتی تریش یادەکرێتەوە بۆنموونە: نەتەوە، نەشونمای مێژووی ، یان تاکگەرای، هەروەها هیۆمانیتی (مرۆڤـگـەری) ش. لێرە شمیت دەیـەوێ قسەبێنێتەپێشێ لەسەر ئـەوەی چۆن جێی یـەزدان بە چەمکگەلێ وەک شـۆڕش، یان تـاک (ئیندڤید)، سێکولاریزم (عـەلـمـانـیـەت) پـڕکـراوەتـەوە. بـۆ شمیت ڕۆمانسیەت دیدێ میتافیزیکیە کـە لـەوێـدا تاک شوێنێ ناوەندی دەگێڕێ. کەوابێ ڕۆمانسیەت بوونی مـرۆی یان تاکگەرای مرۆڤ دەخاتە شوێنی یـەزدانـەوە و یـەزدان لە فۆامی تـاک خۆینیشاندەدا. ئەمەش تەنها لەبەرئەوەی ڕۆمانسیەت ڕیشەی میتافیزیکی هەیە، بۆیە ڕۆمانسیەتی سیاسیش دیـاردەێ میتافیزیکییە. لەوەسەیرتر بەپێی تەماشاکردنی ئـەم بەرهەمەی شـمـیـت بـێ، ڕۆمـانـسـیـەت نەیتوانیوە لە چنگ دیدی لاهوتی دەربازیبێ. لێرەوە شمیت دەچێتە نـاو سیاسەتی مۆدێرن و بەوە

ئاوانبارییەکات سیاسەتی مۆدێرنی ڕۆژئاوای دوور نییە لە تێگەیشتنی ، میتافیزیکی، ڕۆمانسیەتەوە. بـەمـجـۆرەبـێ وانـاگـەلـێ وەک نەتەوە، شـۆڕش لەژێر سیحری بزووتنەوەی ڕۆمانسیەت کە ئەم بزووتنەوەیە ماهیەتێ میتافیزیکی هەیە دەربازینەبووە. ئەو بوونی مرۆیەش لە سیاسەتی مۆدێرندا شوێنی بـەخـۆگـرتـووە ریشاڵی میتافیزیکی هەیە، کە لەبنەڕەتدا سـەرچـاوەی لە میتافیزیکیەتی ڕۆمـانـسـیـەتـەوە هـەڵـدەگـرێ. ئەنانەت دەشێ ئەوەش بڵێین کە

فاشیزمیش بۆ شمیت بریتییەلە پـەرچـەکـردارێـکـی سیاسییانەی ڕۆمانسیەت. کەوابێ ڕۆمانسیەت بەرهەمهێنەری فاشیزمە. ئەمەو بەپێی تـیـۆری سیاسی شمیت فاشیزم بەرجەستەکردنی بایارە لـە ویـسـتـی سـەروەری لای دیکتاتۆر کە ئەوەش یاسای گەلیی لەپشتەوەیە ،بەومانایەی لەسەر بناغەی تیۆری سیاسی شمیت بێ ،فاشیست دیموکراسیەت بەڕەوای سەروەری دیکتاتۆر دەکات. هەر ئەم جۆرە ڕەخنانە، وانە ئەوەی دیموکراسیەت ڕۆڵدەبینێ لە


والتەر بنیامین

بەروایکردنی سەروەری دیکتاتۆر، سەرەتایەکیترە لە تیۆری سیاسی شمیت بۆ رەخنەکردنی دەوڵەتی دیموکراسی مۆدێرن، کە لەخۆیدا ئەم جۆرە مۆدێلە مۆدێلێ سیاسی رۆژئاواییە.وێرای ئەوە شیکردنەوە سیاسییەکانی شمیت بۆ بزووتنەوەی رۆمانسیەتی رۆژئاوا ،و مانای ئەم بزووتنەوەیە بۆ سیاسەتی مۆدێرن، یان دەوڵەتی مۆدێرنی لیبراڵی رۆژئاوا ،شمیت بەرەو ئەو سێرکردنە سیاسییەش دەبات، کە سیاسەت و جوانکاری لەئێستایا پێکەوە کاردەکەن و هەردووش سەرچاوە لە خودی بزووتنەوەی رۆمانسیەت هەڵدەگرن و بناغەش بۆ دەوڵەتی لیبراڵی رۆژئاوا دادەنێن، بۆیە ئەو تیۆری فاشیزمەی شمیت پێناسراوە، بنەما تیۆریەکەی خۆی لەو تێگەیشتنە سیاسییە پوختەدەکاتەوە کە فاشیزم دینێ سیاسییە بەس ئەم دینە ریشەی میتافیزیکی هەیە. لە ئێزە سیاسییەکانی شمیت تایبەت بە بەمیتافیزیکیبوونی سیاسەت، پردێک لەنێوان جوانکاری و سیاسەت یان کاری هونەری و کاری سیاسی دروسندەبێ، لێرەشەوە قسەدێنەسەر بەجوانکاریکردنی سیاسی (the political). ئەو دەمەش شمیت قسە لە بەمیتافیزیکیبوونی رۆمانسیەت دەکات پێگیری لەسەر ئەوەدەکات کە سیاسەتی نوێ، بەگشت ئەو واتایانەی لەناو ئەم سیاسەتەدا پەنهانە (وەک مرۆڤگەری، خود،باشە، راستی، ئاک و ...)، بەلێواری ئەو بەمیتافیزیکیبوونەی رۆمانسیەتدا ئێدەپەیای.

سەرباریئەوەی وترا، تیۆری سیاسی شمیت لەم نوسینە کارلەسەر ئەو لایەنەشدەکات کە رۆمانسیەت ئاینی دەوڵەتی بۆرجوازییە. ئەم دەوڵەتە کە خۆیلەسەر سەکۆی سیاسی دیموکراسیەت بونیادناوە میتافیزیکیە. ئەم شێوە بینینە سیاسیە شمیتیانەیە (مەبەست کارل شمیتە) ئیشی سیاسی زۆرلەسەر ئاشکراکردنی ماهیەتی میتافیزیکی سیاسەتی نوێ رۆژئاوا دەکات. دیارە ئەم بینینە سیاسییانەی شمیت دواتر لای هەنا ئارنت و ئێسناش لای ئەگامبێن و گەلێ تیۆریزەکەری سیاسی تر رەنگدانەوەی هەیە، بەلام بمانەوێ و نەمانەوێ شمیت شێوازی تیۆری سیاسی خۆی بەجۆرێ دارشتووە، کە زیاتر لەجۆرە مەسیحیگەرای و کۆنسەرڤەتیڤیزمێکەوە نزدیکە، تا عەلمانیەت و مولتیکولتورالیزمێ سیاسی. هەرئەوەشە وادەکات لە سەردەمی نوێدا بەشێ زۆر لە توێژەرەوە سیاسییەکان تێگەیشتنێ نێگەتیڤ و یان جودایان لەسەر فەلسەفەی سیاسی شمیت هەبێ و ئەمەش وایکردووە بەئاسانی دەستوپەنجە لەتەک فەلسەفەی شمیت دا نەرمنەکرێ و رەخنە ئاراستەی گەلێ لەبۆچوونە سیاسییەکانی تایبەت بە سەروەری، لیبرالیزم، دیموکراسیەت و دەوڵەتی مۆدێرن بکرێ.

**سەرچاوەکان:**

1. Carl Schmitt. Det politiska som begrepp. Översättning Svenja Hums Anmärkning Förord: Carl-Göran Heidegren, Daidalos, 2010.

2. Carl Schmitt. Political Theology. trans. by G. Schwab, Four Chapters on the Concept of Sovereignty, Chicago: University of Chicago Press, 2005.

3. Carl Schmitt. Political Romanticism, trans. by Guy Oakes, Cambridge, MA: MIT Press, 1986.